زنجیرەی هاوەڵانی پێغەمبەر

(١٢)

# عومەیری کوڕی وەهب

حبیب محمد سعید

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

منتدى إقرأ الثقافي

زنجیرەی هـاوەڵانی پێغەمبەر
١٢

# عومەیری کوڕی وەهب

حبیب محمد سعید

چاپخانـەی ارشـاد ـ بغـدا
١٤٠٥ك ـ ١٩٨٥ز

بسم الله الرحمن الرحيم

ئازیزەکانم ، ئەی هاوەڵە شیرینەکانی پێغەمبەری خوا ..
سەلامێکی گەرم و گوڕتان پێشکەش ئەکەم .

کاتێ کە چمکێ لە ژیانی هەرکامتان شارەزا ئەبم ، زیاتر گەورەیی ئیسلامم بۆ دەر ئەکەوێ ، کەوا ئێوەی مەرد و قارەمانی پەروەردە کردووە .. بۆیە شانازیی پێوە ئەکەم بە پێی توانا ـ ژیانتان پێشکەش بکەم بە موسڵمانان ، تا بەشکوم ـ بە کۆمەکیی خوا ـ بتوانن موسڵمان و نەفام جیا بکەنەوە و ئیتر با چاوبەست کردن بەس بێ و کەم شیری بێ هەوێن بنێن ..

# پێشکەش

**پێشــکەش بێت :**

- بــەو موسڵمانانەی کە دوای تاقی کردنەوە و سەرنج دانی راستیەکانی ئیسلام بەرەو ڕێگای راست هەنگاو هــەڵ ئەگرن ..

- بەو مرۆڤـانەی ، کە وەك پەپوولە شەیدای رووناکیە ، شەیدای راستیین تـا لــە ئەنجاما دەستی پــڕ ســۆزی پەروەردگار بەرەو ئیسلام رایان ئەکێشێ ..

# پێشەکی

**الحمـد للـه رب العالمين ، الصـلاة والسلام على سـيد المرسلين محمد ـ صلى الله عليه وسلم ـ وعلى آلـه وصحبه اجمعين ••**

ئیسلام رێبازی راستی‌ویستانە ، ئـەوانـەی غیـرەت و پیاوەتییان تیا بێ خۆیان ناگرن، چاری خۆیان ناکەن بە سەرنج و تێگەیشتن لێی ، شوێنی ئەکەون بـە دڵ و بـە گیـان •• سەروماڵی بە قوربان ئەکەن •• هەموو گرانبایەکی پێشکەش ئەکەن •• چونکە ئەوانەی تامی ئیسلام ئەکەن ئـەزانن چ بەخشینێکە •• ئەم بەخشینە نایابە ، بـە وتـە دەر نابڕێ•• وە بە خوێندنەوە و زانینی رووت مرۆڤ نای‌گاتێ •• بەڵکو پێویستی بە روح هەیە •• روحێك ئیسلامی تیا جێ بێتەوە ••

ئەوەنەی بۆ ئیسلام ئەژین و بە بێ ئیسلام ژیانیان تاڵە ، تامیان کردووە •• بەڵام کێ زیاتر لەمە ئەگات ؟ ئەوانەی لـە

ژیانی نەفامیا تێر و تەسەل ژیانیان داوەتە سەر ٠٠ ئەوانـەی لـە بنج و بناوانی نەفامیی شارەزان ٠٠ بۆیە ئەبینین ، ئەوانەی بە دڵسۆزیی و لێبڕانەوە خزمەتی نەفامییان کردووە ، ئەوانە دوای گەڕانەوەیان بۆ لای خوا بە وێنەیەکی سەرسوڕهێنەر شەیدای ئیسلام ئەبن ٠٠ ئەوان ئەزانن ژیانی نەفامیی و ژیانی ئیسلامیی چ جیاوازییەکیان هەیە ٠٠ ئەوان بەو نرخ و رێزە ئەزانن کە ئیسلام بۆ ئادەمیزادی داناوە کاتێ بانگی ئەکا بـۆ لای خوا ٠٠ وە ئەوانـەی بە چاو بـەسـتراویـی و دەسـت خەڕۆیەوە دژی بانگی خوا جووڵاونەتەوە، کاتێ ئەگەڕێنەوە بۆ لای خوا لێبڕانیان چەند قـات زیاد ئەکەن بۆ بـە گژا چوونی ئەو دەستە گلاوانەی کە ئەوانی کردبووە دارددەست بۆ بەربەستکردنی رووناکیی ئیسلام لـە ژیانی ئادەمیی کـە پێویستی پێیەتی وەك چـۆن پێویستی هەیە بـە روونـاکیی خـــۆر ٠٠

گـەشتی ئـەمجارەمـان ، لەگـەڵ هاوەڵە بـەڕێزەکانی پێغەمبەری ئیسلامـدا ، لەگەڵ مرۆڤێـکی راستی ویستایـە ، کەوا ژیانی بۆ راستیی تەرخان کردبوو ٠٠ ئەو کاتەی دژی

ئیسلام نەوەستا ، خۆی و رێبازەکەی بە راست ئەزانی و
بەوبەڕی دڵسۆزییەوە هەوڵی بۆ ئەدا وە کاتێکیش کە
موسڵمان بوو تێ گەیشت کەوا تەمەنی رابوردووی بە فیڕۆ
لە کیس داوە و زۆر نابەجێی کردووە دژی تاکە رێبازی
رزگارکەر وەستاوە ، بۆیە پێویستە غیرەتی بخاتە کار بۆ
بەرچدانەوەی نەفامیی و پەرەدان بە ئایینی خوا تا مرۆڤەکان
لە سایەیا بحەسێنەوە •

**نووسەر**

# هەڵوێستی کوێرانە

ئای لـە نەفامیی کە زیانی تاڵ و ئـاڵۆز ئەسەپێنێ بـە سـەر مرۆڤـدا ! .

مرۆڤ چ دەوڵـەمەنـد بێ و چ هەژار ، نەفامیی وای لـێ ئەکا زیان بە خۆیشی و بە کەسانی تریش بگەیەنێ ..

ئەگەر دەوڵەمەند بێت غەرایی دڵ و دەروونی داگیر ئەکات و لـە سروشتی راستەقینەی مرۆڤ دووری ئـەخـاتـەوە و ئەیکاتە درندەیەکی بێویژدانی بـە هیچ تێرنـەخواردووی خۆهەڵـکێش .. خۆ ئەگەر چەکوشی یاسا لارەکەی نەفامیی بـدا بـە تەوقە سەری ئادەمیزادا و هەژاری بخا و لە هەموو لایەکەوە نێزەی ستەمی ئاراستە بکرێ ، ئەوا مەپرسە لە حاڵی ئەو هەژارە چۆن وەك تۆپی‌پێ بـاری پێ ئەکرێ و ئـەکرێتە

اوەکی چڵکاو ، وە چۆن بۆ پاروویە نان وە یـا ئافەرینێك
ان خۆی و کەسانی تریش ئەشکێنێ ..

بەراستیی نەفامیی ستەم و ئازارە بۆ مرۆڤ ، بەڵام زیاتر بۆ هەژارەکان ، بۆ بێ نەواکان ، بۆ ستەملێکراوەکان ..

بەڵێ ، عومەیری کوڕی وەهبیش ـ کـە لـە شـاری مـەککـە لـە دایك بوو و هـەر لەوێش گەورە بوو ـ لە بەر ئەوەی سـامان و دارایـیـەکی ئـەوتۆی بە کـەلەپـوور بـۆ نەمابوویەوە ، دەست کورت و بێ نەوا بوو ، بەڵام هـەرچەندە یاسای کۆمەڵی نـەفامیی مەککـە ، رێزێـکی تایبـەتیی بـۆ خاوەن سامان و دارایـیەکان دا ئەنا ، لەگەڵ ئەوەشا عومەیری هەژار خاوەن پلەو پایـە بوو لە ناویانا ، ئەویش بـە هـۆی ئەوەوە کـە عومەیر خاوەنی پیـاوەتیی و جوامێریی و ژیریی و ئازایەتیی و چاونەترسییەکی بێوێنە بوو ، دیارە ئەمانـە بوون وا عومەیری هەژاری دەست کورتیان بردبـووە ریزی پیـاوە پرس پێکراوەکانی قوڕەیشەوە ..

بـەڵام هەرچۆنێ بوو بێ عومەیر ناچار بووە چاوی نـە

دەست و دەمی ئەوانە بێ کە دەست ڕۆیشتوو و دەسەڵاتدار
بوون ، بۆیە سەرنج ئەدەین لە کاتی هاتنە خوارەوەی
قورئانی پیرۆز و هەڵسانی پێغەمبەری خۆشەویستا بە
بانگکردنی مرۆڤەکان بۆ لای خوا ، عومەیر بە مێشکی
خۆی بیر ناکاتەوە ، بەڵکو دیلی بیر و دۆن و سۆزی
ئاغاکانی قورەیش ئەبێت ، بێ ئەوەی ئەم وەك ئەوانە هیچ
بەرژەوەندیی و پایە و پلەیەکی لە مەترسیدا بێت کەچی
بەوپەڕی لێبڕانەوە دژی بانگی خوا ئەوەستێت .. ئەوەی
عومەیری کوڕی وەهب پێی هەڵ ئەسا بەرامبەر بە پێغەمبەری
خوا و موسڵمانەکان ، وێنەی زۆر کەم بوو .. بەڵام ئەبێ
بزانین تەنها دڵسۆزیی و چەسپانی خۆی بوو پاڵی بە عومەیری
بێبەرژەوەندییەوە ئەنا تا بەو شێوە بێئەندازەیە دژی ئیسلام
بووەستێ ، چونکە ڕێبازی قورەیشی زۆر لا ڕاست و
پەسەند بوو .. وە ئەوانەی شوێن پێغەمبەری خوا کەوتبوون
بە یاخیی و لادراو ئەکەوتنە بەر چاوی ، بۆیە هەرچەندی
ئازاری بدانایە و بەشداریی پیلان و نەخشەی قورەیشی
بکردایە بۆ وەستاندنی بانگی ئیسلام هێشتا بە لایەوە کە

، وو ، وه موسـڵمانـەکانیش خۆیـان زۆر لـە عومـەیر و
ەست درێژیەکانی ئەپاراست ، تـا خوای کـەورە دەرووی
اـێ کردنـەوە و مـەدینەیـان کردە پایتەختی حکوومـەتی
ئیسـلام ..

* * *

# سەربازی ژامدار

خوای گەورە دەرووی لـە کۆمەڵی موسڵمان کردەوە ، لـە ژێر دەستدرێژیی و ستەمی قورەیشی خوانەناســـدا رزگاری کرد •• بەڵــێ موســڵمانەکان زۆر تـلانـەوە بـە دەست ئازار و ستەمەوە ، بەڵام مەردانە شانیان دایـە ژێری و پیـاوانـە ئارامیان گرت •• ئارامگرتنیان تەنها بریتیی نەبوو لـە کۆڵنەدان روو بـە رووی قورەیش •• بەڵـکو لەگەڵ ئەمەشا دانگرتن بە خۆدا بوو تـا رادەیەك ملکەچی فەرمان بن و بتـوانن خۆیـان بگـرن و دەست نەکەنـەوە • بەڵــێ موسڵمانەکان لـە مەککەدا تۆڵـەی خۆیان نەئەسەند ، وە بـە چەك و هێــز دژی قورەیش نـەئـەوەستان ، ئەمەش تەنهـا گوێڕایەڵیی بوو بۆ فەرمانی خوا ، ئەگینا بەر لـە موســڵمان بوونیـان لـە قەبیلەیەك خێرا هەڵئەچوون و جەنگ و هەرایان بەرپـا ئەکرد ••

کاتێ موسڵمانەکان لـە دەستی قورەیش رزگاریان بوو، .. کۆچیان کرد بۆ مەدینە، قورەیشی ستەمکار دەستی گرت بـە سـەر سـامـان و دارایـانـدا .. بـەو پـەڕی بێ ئابڕووییەوە دەستی گرت بە سـەر موڵك و خانووبـەرە و بازرگانیی موسڵمانـە کۆچکەرەکاندا ..

هـەر چۆن بێ موسڵمانەکان ئامادە بوون لەوە زیاتریش بەخت بکەن بە مەرجێ بە سەربەستیی فەرمانەکانی خوا جێ بـە جێ بکەن ..

بەڵام ئایا بە کۆچکـردنی موسـڵمانەکان قورەیش واز دێنـێ ؟

نـە .. لە کاتی کۆچکردندا ئەوپەڕی هەوڵ ئەدرا بۆ ئەوەی پێغەمبەری خوا ـ صلى الله عليه وسلم ـ لە ناو بەرن. وە ئەوە بوو خەڵاتێـکی صەد وشتریـان بڕیـار دا بۆ ئـەو کەسەی کە سەری پێغەمبـەریان ـ بـە زیندوویی یـا بـە مردوویی ـ بۆ بێنێ .. بەڵام خوای گەورە ویستی وا بـوو خۆشـەویستەکەی بە بێ وەی بگاتە مەدینە ..

هەروەها بە هەموو شێوەیەك پاگاندەیان کرد دژی بانگی پیرۆز تـا تیشـکی قورئان نەگاتە نـاو دڵـە هۆشـیارەکان و مرۆڤـایەتیی بانگ نەکرێ بۆ پەرستنی خوای تاك و تەنیا ..

تـا بتە تاشراوە زیانبەخشەکان بێ باو نەبن و مرۆڤ لـە رکێفی نەفامیی رزگاری نەبێت ..

تـا رۆشنایی ئیسلام سەرزەویی رۆشن نەکاتـەوە ..
تا پێری شەیتان بە ئارەزووی گڵاویان جڵەوی کاروانی گەلان هـەر لـە مشتیانا بێت ..
تـا نرخ نەدرێتـەوە بە مرۆڤ ..
تا مافە زەوتکراوەکان نەسەنرێنەوە بۆ خاوەنەکانیان..

موسـڵمانەکان ئاگاداری ئـەم پیلانانـە بوون ، بۆیـە دەستە و ئەژنۆ رانەوەستابوون و هەمیشە خەریکی پەروەردە و خۆ ئامادە کـردن بوون ، تـا مافی خوراویـان لە قورەیش وەربگرنەوە و پیلانە گڵاوەکانیشی پووچەڵ کەنەوە ..

ماوەی دوو ساڵ کۆمەڵی موسڵمان لە سایەی حکوومەتی قورئاندا ژیانی پڕ کامەرانیی دایە سەر .. بەڵام کامەرانیی

ئەوان بریتیی نەبوو لە خۆش خواردن و حەسانەوە . بەڵکو
بریتیی بوو لە بانگ‌کردن بۆ لای خوا بە سەربەستیی .. دڵە
کان بە قورئان رۆشن ئەکرانەوە .. رەوشتی کۆمەڵ
بەرز ئەکرایەوە .. سەربازگەی ئیسلام بە پاڵەوانی
خۆنەویست ئەڕازایەوە بۆ بەرەنگاری لەشکری دڵڕەش و
خوێنخۆر ..

بەڵێ ، هەروەك قورەیش بێ وچان دژی ئیسلام
کۆششی ئەکرد ، موسڵمانەکانیش بۆ هەل ئەگەڕان تا پشتی
دوژمنیان بدەن بە زەویدا ، چونکە دانایەتیی نیە بەرامبەر
دوژمنی پیلان‌گێڕ بێخەم دانیشن ، بە ناوی ئاشتیی و
ئاشتیخوازییەوە .. ئاشتیی وەك چەپڵەلێدان وایە ، بە یەك
دەست لێ نادرێ .. وە کە دوژمن دەستی لە کاردا بوو ،
زیریی پەسەندی ناکات ، هیچ هەلێك لە کیس بدرێت ..
بۆیە کاتێ پێغەمبەری خوا ـ صلی الله علیه وسلم ـ هەواڵی
گەڕانەوەی کاروانی قورەیشی لە شامەوە ، بیست ، فەرمانی
دا بە موسڵمانەکان تا رێ بە کاروانەکە بگرن ، ویستی خوا
وا بوو موسڵمانەکان فریای کاروانەکە نەکەون تا دەسکەوتێکی

ماددیی و کاتیی و دیاریـیـان بۆ بگۆڕێت بە دەسـکەوتێـکی هەتـا هەتایی ..

قوڕەیش هەواڵی هێـرشی موسـڵمانەکانی بیسـت و لەشکرێـکی هەزارکەسیی پێکەوە نـا بۆ بەرهەڵستکـردنی موسڵمانەکان ، وە بەرەو بەدر کەوتە ڕێ ..

موسـڵمانەکان و قوڕەیش لـە بـەرامبـەر یـەکـدا سەربازگەیان دروست کرد .. لێرەدا قوڕەیش عومـەیری سوارچاکی هەڵبژارد تـا چەندێ ئەتوانێ لـە موسـڵمانەکان نزیك کەوێتـەوە و هەواڵی ژمارە و چەکیان بزانێت ..

عومەیر بەوپەڕی دڵسـۆزیـەوە بـەرەو لەشـکری موسڵمانەکان کەوتەڕێ ، بە تەواویی لـە موسڵمانەکان نزیك کەوتـەوە ، ئینجا لە پشت گردۆڵـکەیەکەوە خۆی حەشار دا و چاوەدێریی موسڵمانەکانی ئـەکـرد .. چـاوی بڕیبووە لەشکری ئیسلام ـ سەرسام بوو .. ماوەیەکی بە سەرا چوو هەروا بـە سەیرکردنەوە پەشۆکا بوو .. بە ووردیی سەرنجی کۆمەڵی خوای ئەدا .. وەختە بوو خۆی لە بیر بچێتـەوە .. کـە سەیری پێغەمبەری خوا ـ صـلی اللـه علیه وسـلم ـ و

هاوەڵەکانی نەکرد هەست و هۆشی لـێ ئەسەنرا ..
ئەمانە چین ؟
مرۆڤن یـا فریشتەن ؟
کەی وا ئەو شەیدای سـەیر کـردنی هیچ لەشـکرێك
بووە ؟

بە پەلە بە شـوێن خۆیـا گـەڕایەوە و بـە هاوەڵـە
بەپەرستەکانی وت :

ژمارەی موسڵمانەکان سێ‌صەد پیاوە ، یا کەمێ زیاتر وە
یا کەمتر .. بەڵام ماوەم بدەن بـا ئەمجاریش بڕۆمەوە بزانم
کەمین و پاسەوانیان هەیە یـان نـا ..

عومەیر بۆ جاری دووەم بەرەو لـەشـکری خوانـاس
کەوتەوە رێ ، ئەمجارە بە دۆڵەکەدا سەرکەوت تا بە تەواویی
دوور کەوتەوە ، کەچی هیچی نەدی ، لـە کاتی گەڕانەوەیـا
ویستی لـە شوێنی یەکەم جاریەوە بگەڕێتەوە تەوەکو ببینن
کاتێ گەیشتەوە شوێنی چاودێریەکەی دیسانەوە لای دایەوە
و دەستی کردەوە بە چاودێریی و سەرنج دانیان .

بـەڵـێ ، جاری پێشوو زۆری سەیر کـردن ، بـەڵام تێری نەخوارد لـە سەیرکردنیان • ئەمجارەش تێـر و پـڕ سەیری کردنەوە ، ئینجا لغـاوی بۆ ئەسپەکەی شل کرد و بەرەو سەربازگەی بتپەرستیی گەڕایەوە و باسی کـەمیین و هێزی موسڵمانەکانی بۆ کردن و وتی :

« هیچم نەدی ، بەڵام ئەی کۆمەڵی قورەیش بـارینی بەڵا و نەگبەتیی ئەکەوتە بەر چاوم ، جەنگاوەرانی مەدینە مردنیـان گرتووە بە کۆڵەوە ، هەرچەندە هیچ کۆمـەك و پشـتیوان و پەنایەکیان نیە جگە لە شمشێرەکانیان ، نایانبینن چۆن خرسیان کردووە و وەك ئەژدیها زمان ئەدەن لـە لێویان ؟ بە خوا بـە بیرمـا نـایـە پیـاوێ لـەوانە بکوژرێ هەتا یەکێکتـان لـێ نەکوژێ •• جـا کە ئەوەندەی ژمارەیان لـە ئێوە کـوژرا ، ئیتر دوای ئەوە خۆشیی ژیان کامەیە ؟ تکایە بە باشیی بیری لێ بکەنەوە » •

عومەیر پیاوێکی هەڵە و هەرزە نەبوو ، وە ترسنۆکیش نەبوو ، ئەگینا لە ناو هەزار جەنگاوەرا ئەو هەڵنـەئـەبژێررا بۆ هەواڵ زانینی موسڵمانەکان ، جا کە سەرنجی سەربازگەی

...لامی کرت ، دڵـی هەواڵی دابوویە ، کەوا قورەیشـــی
.ر جەنگ و تفاق چاری ئەو لەشکرە یەکگرتووە ناکات ، بۆیــە
. زۆر پاڕایەوە لێیان تا واز لە جەنگ بێنن و بگەڕێنەوە دوا بۆ
.مەککە ، هەندێ لە سەردارانی قورەیش هەر لە ڕێگا ویستیان
.گەڕێنــەوە ، بەڵام ئەبووجەهل ، چونکە نەگبەتیی یەخەی
.رتبوو ، خۆی ئاسایی ـ کە هەمیشە حەزی لە ڕێی لاســار
و سەختیی و نالەباریی و خوێن ڕشـتن ئـەکرد ـ پێی لــێ
داکوتــا و وازی لــە رای خۆی نەهێنــا ، بۆیە دوای گــاڵــە
و هاش و لووش خەڵــکەکەی ناچار کرد خۆیــان ئـامـادە
بکەن بۆ جەنگ ٠

قورەیش لــێ بڕا بۆ جــەنگ ٠٠ ئینجا ســوارچاك و
سەرۆکان داوایان کرد لــە عومــەیری کوڕی وەهب تــا ئــەم
یەکەم کەس جەنگ بەرپا بکات ٠٠ ئەمیش ئامۆژگاریەکەی
دووبارە کردەوە تــا بەڵــکو واز لــە جەنگ بێنن ، چونکــە
ئەو لەشکرەی ئــەو دیــووی ، ئــەیزانیی بــەو ئــاســانیە
ناشکێت ٠٠ لــە توانای مرۆڤی بتپەرستی دنیـــــا ویســـتا

نیـە بچێت بـە گژ موسڵمانی خواناسـدا ، کە مان و مردنی لـە پێناویـا ، بە خەیاڵا نایەت .

بەڵام قورەیش ئابڕووچوون لـە چارەی نووسرا بوو ، وە نەگبەتیی باڵی کێشا بوو بـە سەریا و شەیتان چوو بـووە بن کەڵیشی سـەربازە هـەرە دڵسـۆزەکانیەوە تـا بیانخاتـە زۆنـگی چارەڕەشییەوە ، بە عومەیریان وت : واز لەمە بێنـە و جەنگ هەڵـگیرسێنە ..

عومەیریش ناچار بوو بچێتە سەر رای ئـەوان ، بۆیـە جڵەوی بۆ ئەسپەکەی شل کرد و خۆی کرد بە ناو ریزەکانی موسڵمانەکاندا .. ئینجا پاڵەوانانە خۆی لـە سـەر ئـەسپەکە خستە خوارەوە و دەستی دایـە جەنگ و کوشتار ..

ویژدانی عومەیر مردبوو ، تا پێی بڵێ : کابرا لە پێناوی چیـا وا خۆت ئەکەیتە قوربانیی ؟ بۆچ ژیانی خۆت ئەخەیتە مەترسییەوە ؟

جەنگ گەرم بوو ، شێرە چاونەترسەکانی ئیسـلام شمشێریان خستبووە گەردنی سەربازە بتپەرستەکانەوە .. پێغەمبەری خوایش ـ صلی الله علیه وسلم ـ بە گەرمیی لـە

هوا، گەورە ئەپاڕایەوە بۆ سەرکەوتنی ئیسلام و لەشکرە
ئورپەکەی •• ئینجا دوای ئەوە هاتە ناو هاوەڵەکانیەوە و
ئارایەتیی ئەدایە بەریان و مژدەی بەهەشتی ئەدانێ ••

خوای گەورە ددست بەرداری کۆمەڵی خۆی نابێت ،
بەڵکو هەمیشە پشتیان ئەگرێت ؛ بۆیە هەموو شتێ بە
بەرژەوەندیی موسڵمانەکان بوو • ئینجا بە فەرمانی خوا
وەك قورئانی پیرۆز باسی ئەکات فریشتە هاتنە خوارەوە بۆ
یارمەتیی موسڵمانەکان تا دامەزراو بن و زراوی قورەیشیش
بڕوات ••

جەنگ کۆتایی هات بە قازانجی لەشکری خواناس ••
قوریش تا کوژران و تا زامدار بوون و تا بە دیل گیران
ئینجا هەڵاتن بەشی بوو •• ئەو هەموو گاڵە گاڵەی کرد و
بە ناو هۆزەکانی سەرە ڕێگایا هاش و لووشی زۆری
کرد •• هۆزەکانیش چاوەڕوانی سەرەنجامی زۆرانبازیان
ئەکرد •• کەس بە تەما نەبوو لەشکری کەم و کەم تفاقی
ئیسلام بەرگەی لەشکری زۆر و زەبەندە و پڕچەك و تیر و
تەسەلی کافر بگرێت •• لە هاتندا قورەیش زۆر لە خۆی

رازیی بوو ، لە بەر خۆیەوە بیانووی دەست کەوتبوو تا موسڵمانەکان بهاڕێت •• بەڵام لە گەڕانەوەدا بەوبەڕی سەرشۆڕییەوە بەرەو مەککە گەڕایەوە •

عومەیر یەکێ بوو لە زامدارەکانی قوڕەیش و کوڕەکەشی لە دیلەکان •• دوای زامدار بوونی بێهۆش کەوت •• شەو هات بە سەرا و سەرما کاری کردە سەری و هاتەوە سەر خۆی ، بە هەر حاڵێ بوو گەیشتەوە مەککە ••

عومەیر لە مەککە مایەوە هەتا زامەکەی ساڕێش بوو •• جا ئەم زامدارییەی خۆی لە لایەکەوە و بەدیل گیرانی کوڕەکەی ـ کە هەمیشە بیری لێ ئەکردەوە و خەو و حەسانەوەی لێ هەڵگرتبوو ـ لە لایەکی ترەوە ، هانی ئەدا تا زیاتر داخ لە دڵ بێ بۆ موسڵمانەکان ••

# پرشنگێکی ساڵ ڕووناکیی

لەشکری دڵ و دەروون پاك بە سەرکەوتنەوە گەڕایەوە مەدینە •• ئەوانەی خوا هەڵیبژاردن بە شەهیدیی بە بەهەشتی بەرین گەیشتن •• ئەوانەش کە مانەوە ، مەشخەڵی ئازادیان گرت بە دەستەوە بۆ رزگار کردنی گەلان •• دیلەکانیش هێنرانەوە مەدینە •• بەڵام موسڵمانەکان زۆر بە ڕێزەوە سەیریان ئەکردن ، هەتا لە ڕێگا خواردەمەنیی خۆیانیان پێشکەش بە دیلەکان ئەکرد و خۆیان بە برسێتی ئەمانەوە •• لە ئیسلامدا ئادەمیزاد و گیانلەبەر و گژوگیا و دار و درەخت و هەموو شتێك مافی ژیانی پارێزراوە ، پێویستە دەستدرێژیی نەکرێتە سەر •• دڵ و دەروونی موسڵمانان چونکە پەروەردەی خواناسیی کراوە ، پێویست کراوە لە سەری مەبەستی چاکە بێت ، چاکە •• بەڵێ چاکە!!

ئەمەیە جیاوازیی راستەقینەی نێوان خواناسان و خوانەناسان••
خواناسان چاکە و خوانەناسان خراپــە پیشەیانە • سەرەنجامی ژیانیش بەستراوە بەو مەبــەســتەوە کــە کۆمــەڵی دەســت رۆیشتوو هەوڵی بۆ ئەدا ••

عومەیر وەختە بوو بۆ کوڕەکەی شێت بێت ، بەڵام چی بکات ؟ چۆن دەستی بگاتە پێغەمبەری خوا و موسـڵمانەکان تـا تۆڵەی « وەهب »ی کوڕی بسێنێ ؟ تەنها هەنانـە هەڵکێشانی لـە دەست ئەهات ••

رۆژێـکیان لـە چێشتەنگادا عومەیر بەرەو کەعبە کەوتە رێ تـا تەوافێکیماڵی خوا بکات و لــە بتەکانی بەرەکــەت و پیرۆزیی وەرگرێ ، ئەبینێ صەفوانی(١) کوڕی ئومەییە(٢)

---

(١) صەفوانی کوڕی ئومەییە زۆر داخ لە دڵی موسڵمانەکان بوو ، بە تایبەتیی دوای کوژرانی باوکی لـە بـەدرا •• ئامۆزای عومەیری کـوڕی وەهب بوو ، بــەڵام چونــکە عومەیر هەژار بوو ، وەك ئاغا و نۆکەریان لێ هاتبوو •• لـە دوای جەنگی بـەدر سەر قافڵەی کاروانی قورەیش بوو تـا بــە عیراقدا تێ پەڕن و دەستی موسڵمانەکانیان نەکاتێ ، بەڵام پێغەمبەری خوا ـ صلی الله علیه وسلم ـ

وا لەوێ دانیشـتووە ••

عومەیر بەرەو رووی صەفوان هات و وتی : بەیانییت باش ئەی سەرداری قورەیش •• صەفوان وتـی : بـەیانییت باش ئەی باوکی وەهب • دانیشە پێکەوە ساتێك وت و وێـژ بکەین چونکە بـە وتـە و قسە نەبێت کات تەواو نابێت ••

---

ئەم هەواڵەی زانیی و زەیدی کوڕی حاریثـەی کـردە سەرکردەی صـەد موسڵمان و بـە ئاسانیی دەسـتیان گرت بـە سـەر کاروانەکەدا ، ئەمەش پشت شکانێك بوو بۆ قورەیش تـا نەتوانن کەشتی شـام و عیـراق بکـەن ••

صەفوان ئازا و جوامێر بووە و یەکێك بووە لە «الـمؤلـفـة قلوبهم » ، بەژداریی جەنگی یەرمووکی کردووە ، وە لـە مەککەدا و لـە ساڵی (٤١)ی کۆچییدا ئەم جیهانەی بـە جێ هێشـتووە ••

(٢) ئومەییەی کوڕی خەلەف یەکێك بـوو لـە سـتەمکارە ملهوڕەکانی قورەیش و ئاغای بیلالی حەبەشیی بوو ، بـە هەموو شێوەیەك سزای ئەدا تـا لـە ئیسلام پەشیمان بێتەوە •• موسڵمان نەبوو ، بەڵکو لـە بەدرا بە دەستی موسڵمانەکان کوژرا ••

• زۆر سەیرە ! صەفوان چونکە باری لارە و رۆژی تاسکە و پایە بۆشەکەی لە رووخاندایە ، چەند جوان وەلامی عومەیر ئەداتەوە ؟ وە چۆن داوای لێ ئەکا پێکەوە دانیشن و وت و وێژ بکەن ؟ لە کەرەمی ئاغا بە زیاد بێت • بۆچی عومەیر لە خۆشیانا ئەز گەز بالا نەکات ، ئاغا ئەوەندە خاوەن مەرحەمەت بێت ؟ بەلام نەفام و گێلە عومەیر ، نازانێ ئەو جۆرە پیاوانە ئەگەر ئیشیان بە یەکێ نەبێ چۆن لا ئەکەن بە لایەوە ؟ نازانێ ئەیەوێ بیکاتە کوتەکی ناو چلکاو و بەس •• ئەگینا بۆچی تا دوێنێ بوو سەردارانی قورەیش ئەیان وت : ئەی موحەممەد ئێمە بە مەرجێ موسلمان ئەبین کەوا یا ئەبێ ئەم هەژار و لاتانە دەرکەیت ، وە یا هیچ نەبێ لە گەلمانا دا نەنیشن ، رۆژێ بۆ ئەوان و رۆژێ بۆ ئێمە • چونکە بۆنی عارەقیان لێوە دێت ؟!

بەلێ ستەمکاران بە پێی کات و بەرژەوەندی ئەجوولێنەوە •• ئەو رۆژە ئەوە بیانوویان بوو ، ئەی ئێستە بۆ عومەیری هەژار بۆنی عارەقی لێوە نایەت ؟-

ئەمەیە پیشەی هەمیشەیی ستەمکاران و هەڵوێستی گێلِ و نەفامەکان ..

عومەیر لە تەنیشت ئاغاوە دانیشت و باسی شکانی قورەیش و سەرکەوتنی موسڵمانەکان هاتە کایەوە و دەستیان کرد بە ژماردنی ئەو دیلانەی کەوتوونەتە دەست موسڵمانەکان ، وە هەناسەیان بۆ سەردارە قورەیشییەکان هەڵئەکێشا ، ئەوانەی کە شمشێری موسڵمانەکان بێ گیانی کردن و لە ناو بیرەکەی بەدردا سەریان نایەوە . صەفوان هەناسەیەکی هەڵ کێشا و وتی :

بە خوا ژیانمان دوای ئەوان هیچ کەڵکی نیە .

**عومەیریش وتی : بە خوا راست ئەکەی .**

ئینجا تۆزێ بێ دەنگ بوو و وتی :

بە خوای کەعبە ، ئەگەر قەرزم بە سەرەوە نەبوایە کە ئیمە بیبژێرمەوە و نەترسامایە تیا چوونی منداڵەکانم لە دوای خۆم ، ئەچووم موحەممەدم ئەکوشت تۆڵەی قورەیشم ئەکردەوە .. ئینجا بە دەنگێکی نزمەوە وتی :

بە رۆیشتنم هیچ گومانێك دروست نابێت ، چونکە وەهبی کوڕم لـە لایانە •

صەفوان ئەم وتەیەی عومەیری بە هەل زانی ، نەیویست لـە کیسی بدات ، بۆیە ئاوڕی دایەوە بۆ لای و وتی : ئـەی عومەیر ، قەرزەکەت هەمووی لە سەر من ، هەرچەندە بێ بۆتی ئەبژێرمەوە ، منالەکانیشت هەتا من ماوم و ئەوان ماون با لەگەڵ منالەکانی خۆما بن، خۆ سەروەت و سامانی من ئەوەندە زۆرە بەشی هەموویان ئەکات و زۆر بە باشیی پێی ئەژین •

عومەیر وتی : کەواتە ئەم باسەمان بـا شارراوە بێت و لای کەس مەی درکێنە •

صەفوانیش وتی : باشە چۆنت ئەوێ بـا وا بێ ••

کاتێ کە شەیتان زاڵ بوو بە سەر دڵ و دەروونی هەر کەسا بەو شێوەیە لێ ئەبڕێ بۆ دوژمنایەتیی کـردن لەگـەڵ راستییدا •• بەو شێوەیە ویژدانی بەنج ئەکرێ •• عومەیر ئامادەیە بچێت پێغەمبەری خوا ـ صـلی اللـه علیه وسـلم ـ بکوژێت لـە بەر ئەوەی بانـگیان ئەکا بۆ سـەر راستریین

رێـگە و ناسینی خوای تاك و تەنیا •• بۆ ملکەچیی کردن بۆ خوای پەروەردگار تـا بکەونە سەر راستەشـەقام و ژیـانی ئادەمیی راستەقینە تام بکەن •• لە سـەر ئـەم بانگە بـەرز و پیرۆزەیە وا موحەممەدی کوڕی عەبدوڵـڵا ـ صلی الله عنیه وسلم ـ لە بەر چاوی صەفوان و عومەیر و هاوچـەشـنانیـان هەقی کوشتنی هەیە ، ئەگینا ئەگەر بڵێین لە تۆڵەی کوڕە کەیا بەم کارە هەڵسێ خۆ لەوە و پێش کاتێ موسـڵمانەکان لـە مەککەدا بە دەستی قوڕەیش ئـەچەوسێنـرانەوە هیچ زیانی نەبوو بۆیـان جگـە لـە لابردنی ئـەو بتـە ڕەق و تەقانـە و شوێنـکەوتنی بیروباوەڕی ئیسلام کە مایەی پێشـــکەوتن و حەسانەوە و هێمنیی و ئاسایشە بۆ تێـکڕای مرۆڤایەتیی بەڵام عومەیری چاوبەستکراو و صەفوانی خاوەن بەرژەوەندیـی ناتوانن دووربینیی بکەن،بەڵکو گورزلە تاریکیا ئەوەشێنن•• لەگەڵ ئەوەشا نەفامن و نازانن کۆمەڵـی خـوا بـەڵێنی لـە پەروەردگارەوە وەرگرتووە بە سـەرکەوتن و سـەرفرازیی هەردووجیهان •• وە نازانن هەرگیز خوا نایەڵێت ڕووناکیی خۆی بە فووی ئەوان بکوژێتـەوە •• هەروەها لـە هـەموو

کات و شوێنێکدا کاتێ موسڵمانەکان هەوڵی بڵاوکردنەوەی ئایینی خوا بدەن ئەبینی خێرا خاوەن بەرژەوەندییەکان و چڵکاوخۆرەکانیان ئەکەونەوە فاك و فیك و بە هەموو شێوەیەکی ناشیرین و نەشیاو هەوڵ ئەدەن بۆ کپکردنەوەی دەنگی ئەو بانگەوازە تاوەکو مرۆڤە سەرگەردان و ماف خوراو و سەرلێشێواو و بێنەواکان ئەوانەی کە تینوویانە بۆ داد و یەکسانیی، چاویان نەکرێتەوە و لە ژێر رکێفی ئەوان نەیەنە دەرەوە . بەڵام خەیاڵی خاوە .. بەو مەرجەی ئەو کۆمەڵە کۆمەڵێکی موسڵمانی راستەقینە بێ و لە بەر رەزامەندیی خوا و بەرزیی ئیسلام و بەرژەوەندیی موسڵمانان ئیش بکا، هەر سەر ئەکەوێ .. وەك لە قورئانی پیرۆزا لە چیرۆکی پێغەمبەرەکان و موسڵمانە پێشینەکاندا باس کراوە . ئەو باسانە هەموو مژدەن، وە هەموویان نەخشەی سەرکەوتن ئەکێشن و هۆکانی سەرکەوتن و مەرجەکانی دیاریی ئەکەن.

بەڵێ، عومەیر نەخشەی کێشا و بڕیاری دا .. نەخشەیەکی زۆر گرنگ .. بڕیارێکی زۆر گەورە .. کوشتنی پێغەمبەری ئیسلام .. کوژاندنەوەی چرای ئیسلام..

خوای گەورە و بەدەسەلات ئەیەوێ ئاینی بڵاو بێتەوە و سەرکەوێ ، تا مرۆڤایەتیی لە سایەیا بحەسێتەوە ..
عومەیری هەژاری قەرزاری بێدەسەلاتی کەم هێز و تواناش ئەیەوێ نەهێڵێ . سەیری ئەم بیر و هۆشە .. سەیری ئەم مێشك و ژیرییە !! زۆر جێگای پێکەنینە .. ئەوانەی وەك عومەیر نەخشە ئەکێشن زۆر سادە و ساویلکەن .. بەڵام موسڵمانی خەمخۆری مرۆڤایەتیی پێکەنینی نایەت ، بەڵکو بەزەیی بەو مرۆڤە سەرلێشێواوەدا دێتەوە کە ئەوەندە دەرهەق پەروەردگار و بەخششەکانی سپڵەیە ، بێ ئەوەی لە چاکە و بەخشیش بەولاوە خوا هیچی لەگەڵ کردبێ ، کەچی ئەوە هەڵوێستیەتی . ئەوانەی کە وەکو عومەیر نەخشە ئەکێشن ، یا وەکو صەفوان خەڵکیی هەڵئەنێن بۆ کپ کردنەوەی دەنگی رزگاریی ئاینی ئیسلام ، ئەوانە پێویستە موسڵمانەکان بەزەییان پیایانا بێتەوە ، بە تایبەتیی ئەوانەی لەم چەرخەدا دژی بانگەوازی خوا ئەوەستن ، چونکە وا وتمان صەفوان و عومەیر نەفام و نەخوێندەوار و دواکەوتوو بوون ، خۆ ئەوانەی ئەمرۆ خوێندەوارن و ئەزانن ئەمە پانزە صەدەیە

مرۆڤە دڵڕەشە کەللەڕەقەکان خەریکن و هەوڵ ئـەدەن وا
دژی ئیسلام ئـەجووڵێنـەوە ، بێ ئـەوەی بتوانـن ئـایینی
ئیسلام لە ناو بەرن .. ئەم هەموو ماوەیە قورئان و فەرمودە
هەر بە پاکیی و پو ختەیی و بێدەسـتکاریی مـاونەتـەوە و
چرایەکی رۆشنن بۆ بەرپێ رووناك کردنەوەی ئەوانەی کە
ئامادەن بە رێبازی قورئانا بڕۆن .. ئـەم خوێنـدەوارانـەی
ئەمڕۆ ئەبوایە بە وردیی لە مێژوو بگەیشتنایە ، وە بە یـەك
پارچەیی سەیریان بکردایە ، نەك تەنها ئەم چەند سـاڵەی
دواوە !! لـە لایەکی ترەوە دڵی هەموو کەسێك وا لـەژێـر
توانای خوای گەورەدا و هەر کاتێ لەو نەخشـە پووچـانـە
وازبێنێ ئەوپەڕی سەرفرازیی و سـەرکـەوتنـە بـۆی ..
عومەیر بـە دڵێـکی پڕ لـە قار و قینەوە دەرهەق بە پێغەمبەر
و هاوەڵەکانی لە کەعبە هەستا و هاتە ماڵەوە .. دەستی کرد
بە خۆ ئامادە کردن بۆ جێبەجێکردنی نەخشەکەی .. بـێ
ئەوەی ترسی لەوە بێ کە کەسێ بە نیازەکەی بزانێ چونکە
کەس و کاری دیلە قورەیشیەکان هات و چۆی مەدینەیـان
ئەکرد تا فیدیە بدەن بە موسڵمانەکان و دیلەکانیان بێنـەوە ،

عومەیر داوای شمشێرەکەی کرد ، خێرا بۆیان تیژ کرد و بە ئاوی ژەهر ژەهراویان کرد . وە داوای وشترەکەی کرد تا ئوورجی بکەنەوە و بۆی ئامادە بکەن ، ئینجا سوار بوو و بەرەو مەدینەی پایتەختی ئیسلام بە کۆڵێ خەشم و رق و قینەوە کەوتە رێ ..

عومەیر گەیشتە مەدینە و بەرەو مزگەوتی پێغەمبەر - صلی الله علیه وسلم - رۆیشت تا پێغەمبەر ببینێ .. کاتێ لە دەرگای مزگەوت نزیك بۆوە ، وشترەکەی چۆکی دا دا و دابەزی . لەو کاتەدا عومەری کوڕی خەططاب - خوا لێی رازیی بێت - لەگەڵ چەند هاوڵێکیان لە نزیك دەرگای مزگەوتەوە دانیشتبوون و بیریان لە رۆژی بەدر و کارەساتەکانی و کوژران و تێشکان و بەدیل گرتنی قورەیشیەکان ئەکردەوە وە یادی پاڵەوانێتیی موسڵمانە موهاجر و ئەنصارکانیان ئەکردەوە کە چۆن خوا سەری خستن و دوژمنەکانیانی تێ شکاند و سەرشۆڕی کردن . لەم کاتەدا عومەر ئاوڕی دایەوە و چاوی بە عومەیری کوڕی وەهب کەوت لە سەر وشترەکەی دابەزیی و بەرەو مزگەوت

چوو و شمشێرەکەشی لـە کێـلان دەرهێنـا بوو ، خێـر
راچڵەکیی و فەرمووی : ئەو سەگە ، ئەو دوژمنی خوایـە
عومەیری کوڕی وەهب ، بە خوا بۆ خراپەیەك نـەهاتبێ بـ
هیچی تر نەهاتووە[٣] •• لە مەککەدا خـوانەناسـەکانی ـــ
دژمان هەڵنەنا و لە ڕۆژی بەدرا بەر لـە دەستپێکـردنی
جەنگ جاسووسیان بوو لە دژمان • ئینجا بـەوانەی دەور
بەری فەرموو : بڕۆن بۆ لای پێغەمبەری خـوا و لە دەوریـ
بن و لەو پیسە فێڵبازە ئاگادار بن دەستی لێ نەوەشێنێ ••

ئینجا عومەر هەڵسا و چوو بۆ لای پێغەمبەر و فەرمووی
ئەی پێغەمبەری خوا ، ئەوە عومەیری کوڕی وەهبی دوژمنی
خوایە ، هاتووە شمشێرەکەی لە کێلان دەر هێناوە ، وە من

---

(٣) خواناسیی و شوێنکەوتنی ئیسـلام بە دلسـۆزییەوە
ئەبێتـە مایـەی چاوساغیی •• فەراسەت بە موسڵمان
ئەبەخشێ ، تـا پەی بەرێ بە دیوی ناوەوە و راستێتیی
هەموو شتێ •• ئەمەیە ڕێبازی موسڵمان تـا دوژمنـان
نەتوانن بیخەڵەتێنن و نەتوانن پشتی بدەن بە زەوییدا •

وا دێت بە دڵما جگە لـە خراپە هیچی تری ناوێ • پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ـ فەرمووی : بـا بێتــە ژوورەوە لام • عومەر هاتە دەرەوە دەستی دایە یەخەی عومەیر و قایشــی شمشێرەکەی کە کردبوویە ملی بـا دا و لـە ملی توند کرد و بردیە لای پێغەمبەر ـ صلی الله علیه وسلم ـ • جـا کاتـێ پێغەمبەر ـ صلی الله علیه و سلم ـ بەم شێوە بینی ، بە توەری فەرموو : بەرەڵای کە عومەر • ئەویش بەرەڵای کرد • ئینجا پێی فـەرموو : لێــی دوور کـەودرەوە • ئەویش لێی دوور کەوتەوە • ئینجا رووی کردە عومەیر و فەرمووی : نزیـك بەرەوە عومەیر ، ئەویش نزیك بۆوە و وتی : «انعم صباحاً» • واتــە : بەیانییت باش •• ئەمە سەلامی عەرەبەکان بوو لـە نەفامییدا • جا پێغەمبەر ـ صلی الله علیه وسلم ـ فـەرمووی : ئێمە خوا رێزی لێ گرتووین بە سەلامێك کە لـە سەلامەکەی تۆ باشترە ، خوا رێزی لێ گرتووین بە « السلام علیکم » کە ســەلامی ئەهلی بەهەشــتە • عومەیر ووتــی بــەخـوا لـە سەلامەکەی ئێمە دوور نـەکـەوتوویتـەوە و ئەمەت تـازە داهێناوە ••

پێغەمبەر ـ صلی الله علیه وسلم ـ فەرمووی : چی تۆی هێناوە عومەیر ؟!

وتی : هاتووم تکا ئەکەم بۆ ئەو دیلەم کەوا لە دەستانا بەری بدەن و بە چاکی لە گەڵی بجووڵێنەوە ..

فەرمووی : ئەی ئەم شمشێرە چیە لە ملتا ؟!

وتی : خوا بیبڕێ چ شمشێرێکە ، بۆ رۆژی بەدر هیچ کەڵکی خوارد ؟!

فەرمووی : راستیم پێ بڵێ بۆ چی هاتوویت ئەی عومەیر ؟

وتی : بۆ ئەوە نەبێ بۆ هیچی تر نەهاتووم .

فەرمووی : وا نیە .. تۆ و صەفوانی کوڕی ئومەیە لە نزیك حیجردا دانیشتن و باسی کوژراوانی قورەیشتان کرد لە بەدرا و ئینجا وتت : ئەگەر لەبەر قەرزاریی و ماڵ و منال نەبوایە ئەچووم موحەممەدم ئەکوشت ، جا صەفوانیش چوو ژێر بژاردنەوەی قەرزەکەت و بەخێوکردنی ماڵ و منالەکەت بە مەرجێ من بکوژی ، بەڵام خوا رێگات نادا ئەوە بکەیت ..

عومەیر تۆزێك بەشۆکا و ئینجا ئەوەندەی پێ نەچوو

وتی : شایەتیی ئەدەم کە تۆ پێغەمبەری خوایت ئینجا وتی :

ئێمە لەمە و پێش ئەی پێغەمبەری خوا باوەڕمان پێ نەئەکردی کە تۆ هەواڵی ئاسمانت ئەداینێ و وەحیت دێتە سەر ، بەڵام ئەم هەواڵەی من و صەفوان جگە لە خۆم و خۆی کەس نەیزانیوە، وە بەخوا بە یەقین ئەزانم ئەم هەواڵە جگە لە خوا کەس ئاگاداری نەکردووی •• جا سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە منی راکێشا بۆ لای تۆ تا هیدایەتم بدا بۆ سەر ئیسلام • ئینجا وتی :

أشهد أن لا اله الا الله ، وأشهد أن محمداً رسول الله •

بەمە عومەیر موسڵمان بوو و پێغەمبەریش ـ صلی الله علیه وسلم ـ بە هاوڕێکانی فەرموو :

« براکەتان لە ئاینەکەی شارەزا بکەن و قورئانی فێر بکەن و دیلەکەی بەر بدەن » •

موسڵمانەکانیش بە موسڵمان بوونی عومەیر زۆر دڵشاد بوون ، هەتا ئەوە بوو عومەری کوڕی خەطاب ـ خوالێی رازیی بێت ـ فەرمووی :

بەرازێکم خۆشتر ئەویست تا عومەیری کوڕی

وەهب کاتێ هاتە لای پێغەمبەر ـ صلی الله علیه وسلم
بەڵام ئەمڕۆ لە کوڕەکانم خۆشترم ئەوێ •

بەم شێوەیە ڕێگای ڕاستی خوا و بەرنامە پیرۆزەکە
سەربازێکی تری زیاد کرد •• سەربازێکی تری زیاد کرد
ئەگەر و نەگەر بوو پێغەمبەری خوا ـ صلی الله علیه وسلم
بکوژێت و نە هێلێ چرای ئیسلام بە تەواوەتیی سەرزەوی
ڕووناك بکاتەوە • بەڵام خوا زۆر بە بەزەییە •• ئەو هەمو
شوێنکەوتوانەی نەفامیی شیاوی دۆزەخ نین بەڵکو بە
پڕوپاگاندە دژی ئاینی خوا ئەوەستن ، بۆیە هەر بە
دەرکەوتنی پرشنگێکی ڕووناکیی ڕێگای شیرینی خوا ، خێرا
ئەو دڵە نەرمانەی کە بە درك و داڵ داپۆشراون و تۆز
و گەردیان لێ نیشتووە خێرا خەبەریان ئەبێتەوە و
ڕاستەشەقام ئەگرنە بەر ، وە ئەبن بە سەربازی بەوەفا و
کۆڵنەدەر ••

لە کاتێکا کە عومەیر خەریکی پەروەردە کردنی
خۆیەتی لە قوتابخانەکەی پێغەمبەری خوادا ـ صلی الله علیه
وسلم ـ ، وە دڵە ناسکە تازە بەخەبەر بۆکەی ، بە ئاوی

قورئان تێر ئاو دەکات ، کە بە خۆشترین رۆژانی ژیانی ئەژمێرێ و مەککە و هەرچی تیایە هەر بە بیریا نایە ، سەفوانی کوڕی ئومەیەش دڵخۆشیی خۆی ئەدایەوە و ئەیدا بە لای کۆڕەکانی قورەیشدا و پێی ئەوتن : مژدە بێت کەوا بەم نزیکانە دەنگ و باسێکی ئەوره ئەبیستن کە رووداوی بەدرتان لە بیر ئەباتەوە ..

صەفوان رۆژ و سەعاتی ئەژمارد .. بە تەمای کوژرانی پێغەمبەر بوو بە دەستی عومەیر .. بەڵام ماوەکەی بە سەرا تێ پەڕیی و هیچ دەنگێك نەبوو ، بۆیە خەو و خۆراسی لا هەڵگیرا و ئارامی لا نەما ، ئینجا ناچار بوو هەر رێبوارێکی ئەدی هەواڵی عومەیری کوڕی وەهبی لێ ئەپرسی و کەسیش نەبوو هەواڵێکی وای بداتێ کە زامی دەروونی سارێژ بکا . هەتا رۆژێکیان رێبوارێك هات و وتی : عومەیر موسڵمان بووە .

صەفوان هەروەك هەورە تریشقەیەکی بەر کەوێ راچڵەکیی ، چونکە هەرچی وا بە سەر زەوییەوە موسڵمان بوایە نەئەهات بە بیریا عومەیر موسڵمان بێت ..

بەم شێوەیە عومەیر نەك هەر لەبەر ئەوە پێغەمبەر ـ صلی
الله علیه وسلم ـ بە نیازەکەی زانی بوو ، بەڵکو لە بەر
راستێتیی و بێ گەردیی و ڕێك وپێکیی و بێ کەم و کورپیی ئایینی
خوا ، دوای شارەزا بوونی و لێکۆڵینەوەی کەوتە شوێنی و
چەندێ دوژمنایەتیی لەگەڵ کرد بوو چەند جارەی ئەو
کەوتە هەوڵ و کۆشش بۆی ، بۆ بڵاوکردنەوەی بە ناو
ئەوانەدا کە وەك خۆی خەنەتێنرا بوون و ڕێگای راستیان
گوم کرد بوو .
بەڵێ عومەیر دوای شارەزابوونی و تێگەیشتنی لە
ئیسلام ، وە دوای لەبەرکردنی هەرچەندێ کە لە توانایدا
بوو لە قورئانی پیرۆز ، هاتە خزمەتی پێغەمبەر ـ صلی الله
علیه وسلم ـ وە وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ، من ماوەیەکی
زۆر لە ژیانم سوور بووم هەوڵم ئەدا بۆ کوژاندنەوەی
رووناکیی خوا ، وە زۆر ئازاری ئەوانەم ئەدا کە لە سەر
ئایینی ئیسلام بوون ، بۆیە حەز ئەکەم ماوەم بدەی
بچمەوە بۆ مەککە و بانگی قورەیش بکەم بۆ لای خوا و
پێغەمبەرەکەی ، جا ئەگەر بە گوێیان کردم ئەوا چاکە

وە ئەگەر پشتیان هەڵکرد ئەوا دەست ئەکەم بە ئازاردانیان هەروەك ئازاری هاوەڵەکانی پێغەمبەری خوام ئەدا ..

پێغەمبەر ـ صلی الله علیه وسلم ـ ماوەی عومەیری دا و هاتەوە بۆ مەککە و لە پێشەوە سەری لە ماڵ و منداڵەکەی دا و ئەوسا چوو بۆ ماڵی صەفوان و پێی وت : ئەی صەفوان ، تۆ پیاوێکی لە پیاوە ژیرەکانی قورەیش ، ئایا تۆ دێت بە بیرتا کەوا ئەوەی ئێوە وان لە سەری لە پەرستنی بەردان و قوربانیی کرن بۆیان راست بێ و ژیریی بە ئایینی دا بنێ ؟

بەڵام من شایەتیی ئەدەم کەوا یەك خوا هەیە شایانی پەرستن و گوێڕایەڵیی بێ ، وە موحەممەدیش پێغەمبەری خوایە ..

جا عومەیر وەك مەردێکی چاونەترس بە ناو مەککەدا ئەگەڕا و خەڵکیی بانگ ئەکرد بۆ سەر ئایینی ئیسلام و باسی راستیی و پاکیی ئایینی خوای ئەکرد ، تا لە سەر دەستی ئەوا خەڵکێکی زۆر موسڵمان بوو ..

# وەفای موسڵمان

عومەیر بـە موسڵمانبوونی و شارەزابوونی لە ئیسلام ،
هەستی بە ئەرکی سەرشانی خۆی کـرد ، تێ گەیشت ژیـاز
لـە سایەی ئیسلاما بریتیـە لـە جیهـاد .. لـە هـەوڵ و
تێـکۆشان ، هەرچی لـە وزەدا هـەیە .. بـۆ گـەیاندنـی
رووناکیی بە جیهان .. بۆ رزگارکردنی مرۆڤایەتیی .. بۆیا
زۆر لـە مەککە نەمایەوە و کۆچی کرد بۆ مەدینە بۆ خزمەتی
پێغەمبەری خوا ـ صلی الله علیـه وسـلم ـ تـا بـەشـداری
هەڵمەتی رزگاریی‌خوازیی بکات و ئەویش شان بە شانی بر
موسڵمانەکانی قەڵای ستەمکاریی بڕووخێنێ .. لـە هـەمو
رووداوەکانا بەشداری کرد ، وە تووشی چـەرمەسـەرێ ا
تاقی‌کردنەوەی سەخت بوو ، بەڵام بـەوپەڕی دڵسـۆزیـیەو
هەوڵی ئەدا چونکە باوەڕی زۆر پتەو و دامـەزراو بوو ، و
بە راستیی و پاکیی شوێن ئیسلام کەوتبوو ..

خوای گەورە کۆمەکی کۆمەڵی موسڵمانی کرد ،
هەروەك لە بەخششی ئیسلام بەهرەوەری کرد ، هەروەهاش
ەوبەڕی راستگۆیی و دڵسۆزیی و لێ بڕانی کردە
بەخششێکی تر و پێشکەشی کرد •• تا بە یاسای خوا
شیاوی سەر کەوتن و پایەپێدان بوو ، تا کۆمەڵی موسڵمان
ووە جێی بڕوای پەروەردگار و پەڕەی پێ دا •• تا ئەوە
بوو ساڵی هەشتەمی کۆچیی هاتە بەردوە و دوای بەستنی
بەیمانی حودەیبییە(٤) بە دووساڵ قورەیش پەیمانەکەی
شکاندەوە و پێغەمبەری خوایش ـ صلی اللە علیە وسلم ـ
بە دە هەزار موسڵمانی چەکدارەوە هێرشی بردە سەر
قورەیش کە هەر نەیانوێرا بیر لە هێز و چەك و جەنگ
بکەنەوە تا بەرامبەر لەشکری خواناس بووەستن ••
دانیشتوانی مەککە خۆیان دا بە دەستەوە •• ملکەچیان نواند

(٤) لە کاتی پەیمانی حودەیبییەدا عیمەیری کوڕی
وەهبیش یەکی بوو لەو دە هاوەڵەی کە لە گەڵ عوثماندا
چوونە مەککەوە تا سەر لە خزم و کەس و کاریان
بدەن ••

بۆ سەرکردایەتیی ئیسلام ، جگە لە چەند کەسێکی کە
کە خۆیان زۆر بە تاوانبار ئەزانی ، کە یەکێ لەوانە
صەفوانی کوڕی ئومەیە بوو ..

صەفوان ـ وەك هەموو دوژمنێکی خراپکار بۆی
دەرکەوت تازە قوڕەیش ناتوانێ لە بەردەم دێرشی
خواناساندا خۆی بگرێت ، وە تازە ڕێبازی بتپەرستیی کۆتایی
هاتووە ، وای بە باش زانی را بکات . جا هەرچەندە ئەو لەو
دە کەسەی قوڕەیش نەبوو ، کە پێغەمبەری خوا ـ صلی الله
علیه وسلم ـ فەرمانی دا بوو بە ڕشتنی خوێنیان ، بەلام خۆی
ئەیزانیی چەندە تاوانەکانی زۆر و لە ژمارە نەهاتوون بەرامبەر
بە ئیسلام و موسڵمانەکان ، بۆیە زۆر لە خۆی ئەترسا و
لەبەر ئەوەش لە مەککەوە بەرەو دەریای سوور و
ڕووبەڕووی شاری « جوددە » هەڵات و ویستی بە خۆی
و یەساری خزمەتکاریەوە سواری کەشتیی بن .. ئەو
بوو گەیشتە بەندەری شوعەیبە لە نزیك جوددەوە و ویستیا
سواری کەشتیی بن ، لە ناکاو ئامۆزای دا مۆزی عومەیری
کوڕی وەهب گەیشتە لای ..

صەفوان وتی : ماڵت وێران بێ ، سەیرکە بزانە ئەوە کێیە ؟ یەسار : عومەیری کوڕی وەهبە • وتی : جا چی بکەم لە عومەیر ؟ بە خوا جگە بۆ کوشتنم بۆ هیچی تر نەهاتووە • خۆی بە دوزمنی موحەممەد ئەزانی کەچی چووە پاڵی و شوێنی کەوت ••

ئینجا بە عومەیری وت : عومەیر ، ئەوەی پێت کردم بەست نیە ؟ دانەوەی قەرزەکەت و بە خێوکردنی ماڵ و مناڵەکەتت خستە ئەستۆم و ئێستاش هاتووی بمکوژی ؟

صەفوان لەوە ئەترسا کە عومەیر بۆ کوشتنی هاتبێ ، کەچی لە راستیدا عومەیر کە بینی صەفوان لە ترسانا هەڵاتووە ، بەزەیی پیا هاتەوە و خزمایەتیی و هاوڕێیەتیی رۆژانی رابوردووی بەر لە موسڵمان بوونی هاتەوە یاد ، کە چەندێ پەیوەندیان بە یەکەوە بووە و چۆن صەفوان دەستگرۆیی ئەمی ئەکرد ، بە دڵ جەرگی بۆی سووتا ، وە ئاواتەخواز بوو ژیانی بە فیرۆ نەڕوا و لە رۆشنایی ئیسلام بێبەش نەبێت ، بۆیە چووە لای پێغەمبەر و بۆ صەفوان پاڕایەوە تا چاوپۆشی لێ بکا ، پێغەمبەریش ـ صلی الله

علیه وسلم ـ بە گوێی کرد و عومەیریش بە پەلە خـــۆی گەیاندە شوعەیبە ، تا صەفوانی لە دەست دەرنەچێ ، ئینجـا هەواڵی دایە کەوا چۆتە لای پێغـەمبـەری خـوا و داوای چاوپۆشیی بۆ کردووە و ئێستا ئەتوانێ بە بێترس و خـەم بگەڕێتەوە مەککە •

صەفوان بەمە دڵی ئاوی نەخواردەوە و بـە عومـەیری راگەیاند تـا ناونیشانێکی لـە پێغەمبەری خـواوە بـۆ نەهێنێ بـڕوا ناکات ••

عومەیر ناچار گەڕایـەوە بۆ مەککە و چووە خزمـەتی پێغەمبەری خـوا ـ صلى اللـه علیه وسـلم ـ و وتی : ئـەی پێغەمبەری خوا ، چوومە لای صەفوان کە لە هەڵاتنـا بـوو خەریك بوو خۆی لـە نـاو بەرێت و چاوپۆ سییەکەی تۆم پێ راگەیاند ، ئەویش وتی : ناگەڕێمەوە تـا ناونیشـانێـکم بـۆ نەهێنی کە بیزانم • پێغەمبەری خوا ـ صلى الله علیه وسـلم ـ فـەرمووی : مێزەرەکـەمی بۆ بـەرە (٥) • عومـەیر ئـەو

---

(٥) دیارە پێغەمبەری هیدایەتە ، ئەگینا صەفوانی بێکەس و بێپشتیوان ئەگەر موسڵمانیش نەبێت ، تازە چ زیانێ

مێزەرەیەی کە پێغەمبەری خوا بە سەریـەوە بوو کاتێ هاتـە مەککەوە ، لێی وەرگرت و خۆی گەیاندەوە لای صەفوان ، وە پـێی ووت صـەفـوان لـە لایـەن چاکترین و نـەرمتـرین و هێمنـترین پیـاوەوە هـاتـووم بـۆ لات، بڵندیی ئەو بڵندیی تۆیە و، سەربەرزیی ئەو سەربەرزیی تۆیە و ، دەسەڵاتی ئەو دەسەڵاتی تۆیە ، کەسی خۆتە : لـە بەر خوا بەزەییت بە خۆتا بێتەوە ..

صەفوان وتی : ئەترسم بمکوژێ ..

عومەیر وتی : بانـگی کردوویت بـۆ موسـڵمانبوون ، ئەگەر وات کرد باشە ، ئەگینا دوو مانگ مۆڵەتت ئـەدات ، خۆ ئەو لە هەمووکەس زیاتر وەفا و بەڵێنی هەیە ، ئـەوەتـا ئـەو مێزەرەیەی بۆ ناردووی کە پێیەوە هاتە مـەککـەوە ، ئەیناسیتەوە ؟ وتی : بەڵێ دەری بێنە .. کە چاوی پێ کەوت وتی : بەڵێ ، خۆیەتی ، خۆیەتی .

---

ئەتوانێ بکەیەنێ بە لەشکری ئیسلامی سـەرکەوتوو ؟ پێغەمبەری خوا ـ صلی الله علیه وسـلم ـ ئەوەندە بـە پـەرۆشـە بۆ گـەڕانەوە و موسـڵمانبوونی تاقـە ئادەمیزادێك مێزەرەکەی خۆی ئەکاتە ناونیشـان !!

صەفوان باوەڕی پێ کرد و لە گەڵ عومەیردا گەڕایەوە مەککە و پێکەوە چوون بۆ مزگەوت .. کاتی عەسر بوو و پێغەمبەری خوا ـ صلی اللـه علیه وسلم ـ پێشنوێژیی موسڵمانەکان بوو ، ئەمانیش وەستان . صەفوان وتی : لـە شەو و ڕۆژێکا چەند جار نوێژ ئەکەن ؟ عومەیر وتی : پێنج جار . وتی : موحەممەد پێشنوێژیان ئەکات ؟ وتی : بەڵێ .

کاتێ موسڵمانەکان سەلامیان دایەوە ، صەفوان بە دەنگی بەرز وتی : ئەی موحەممەد ، عومەیری کوڕی وەهب مێزەرەکەتی هێناوە و وا دەرئەبڕێ کە تۆ بانگت کردووم تا بێمەوە لات،جا ئەگەر موسڵمان ببم وا باشە ، ئەگینا دوو مانگ لـە پەناتا بێ خەم و بێ وەی دابنیشم . فەرمووی : دابەزە صەفوان . وتی : نە بەخوا هەتا بۆم ڕۆشن نەکەیتەوە . فەرمووی : بەڵکو چوار مانگ مۆڵەتت بێت .. ئینجا صەفوان دابەزیی ..

بەڵێ دوای ڕزگارکردنی مەککە وو هەزار پیاوو جەنگاوەری قورەیش هاتنە ڕیزی لەشکری خواوە ، جارا

لـه دژی بانـگی ئیسلام ئەوەستان خوێنیان ئەڕشت تـا دەنگی کپ بکەنەوە •• بەڵام وا ئەمڕۆ ئەو دوو هەزارە بڕیاریان دا سنگیان بکەنە قەڵغـان بۆ بەرەنـگاری هەر کۆسپێك کە بێتـە ڕێی بانگی خوا •• بۆیان دەرکەوت ئەم هەموو ماوەیـە بـە فیڕۆ خۆیان ماندوو کردووە ، بەڵـکو بەرامبـەر بـە خۆیان و موسڵمانەکان و مرۆڤـایەتیی ستەمیان کـردووە ، کـەوا حـەزیـان نـەئـەکـرد بانگی رزگاریی بـە شێوە شـیرینە بێگەردەکەی بکەوێتە بەر چاو و گوێی مرۆڤـایـەتیی ماف خـوراو ••

هەموو پەشیمان بوونەوە ، وە بۆیان دەرکەوت چاکترین ڕێـگا ئەوەیە پاشماوەی تەمەن بە کاری پیاوانە و مـەردانـە بەرنـە سەر • خزمەت گوزار بن ، چاکە بلاوکـەرەوە بن ، مامۆستای رەوشت بەرزیی بن ، تـا ئادەمیزادی رەنج خوراو و مـاف شێلراو چاوی لە هەنگاوە مەردانەکانیان بێت و بەرەو گەیشتن بـە ئامانجـە راسـتەقینەکانی مرۆڤایـەتیی هەنـگاو هـەڵـگرن ••

بەڵام لەگەڵ ئەمەشا صەفوان هێشتا موسڵمان نەبووە ••

سەیرە •• بەڵام بۆ ئەم جۆرە مرۆڤانە سەیریش نیە ••
باوکی تەمەنی بردە سەر و لە پێناوی ڕێبازی نەفامییـدا سەری نایەوە ، خۆیشی دەورێکی یەکجار گەورەی دی دژی ئیســــــلام ••

ئـەم پیـاوی بـازاڕ نیـە و کـە چ دراوێك ڕەواجـی بێت ئەو ئاڵوگۆڕی پێ بکات •• ئەوانە جۆرێـکن •• بـەڵام ئەم ـ بە پێی شوێن و پایە و پلـەی ـ ناتـوانێ وا بـێ ، وە دەروونیشی ئەمە هەڵنـاگرێ ••

ئەم بە چاوی خۆی ملکەچیی و موسڵمانبوونی هـەموو قوڕەیشی دی ، کەچی ئەمە کار ناکاتە سەری تـا خۆی بـدا بـە دەم ڕووبارەوە •• ئەم ئەیەوێ بـە بـاری خۆیـا بـڕوا هەرچیش بێتـە بەرەوە بـە خەیاڵیا نایەت • ئەشزانێ تـازە هێزی ئیسلام لەوەدا نەماوە کە هیچ هێزێکی تری ئـەو کاتەی سـەرزەویی چاری بکات •• بـەڵام ئـەیـەوێ هیچ جۆرە گومانێـکی لا نەمێنێ ئەوسا موسڵمان بێ • ئەیەوێ لە هەموو بنج و بناوانی ئیسلام تێ بگا ئەوسا شوێنی کەوێ و خـــۆی بکاتـە سەربازی و هەڵـگری مەشخەڵ ••

دوای ئەوە جەنگی هەوازن یـا حونەین هاتە بەرەوە٠٠

پێغەمبەر ـ صلی الله علیـه وسـلم ـ بـە دوانـزە هـەزار موسـڵمانەوە بەرەو شـوێن و مەنزڵی هەوازن دەرچـوو ، صەفوانیش هێشتا هەر کافـــر بوو ، لەگـەڵ موسـڵمانەکانا دەرچوو ، ئینجا پێغەمبەری خوا ـ صلی اللـه علیـه وسلم ـ فەرمانی دا بە سەریا تا چی چەکی هەیە کە صەد قەڵغـانـی تەواو بوو بە خواستن بیداتە لای موسڵمانەکان تـا لە جەنگ بگەڕێنەوە ، صەفوان حونـەین و طـائیفی دی ، ئینجا دوای کۆتایی هاتنی جەنگ و سەرکەوتنی موسڵمانەکان ، پێغەمبەر و موسڵمانەکان گەڕانەوە بۆ شوێنێك کە پێی ئەوترا جیعیررانە لە کاتێـکا پێغەمبەر ـ صلی اللـه علیه وسلم ـ ئەچوو بە ناو دەست کەوتەکانا و سەیری ئەکردن ، صـەفوانیشی لە گـەڵا بوو،صەفوان سەیری دۆڵێکی ئەکرد کە پڕ بوو لە مەڕومالات، پێغەمبەریش ـ صلی الله علیه وسلم ـ سەرنجی ئەوی ئـەدا، ئینجا فەرمووی : ئەی صەفوان ئەو دۆڵـەت بە دڵـە ؟ وتی : بەڵێ ٠٠ فەرمووی : دۆڵەکە و هەرچی تیایە بۆ تۆ ٠٠ لـەم کاتەدا صەفوان وتی : هیچ دەروونێ بەم وێنەیە پاك و فراوان

نیــە مەگەر دەروونی پێغەمبەر • ئینجا وتی : شایەتیی ئەدەم
کە هیچ پەرستراوێك نیــە جگــە لــە خــوای گــەورە ، وە
شایەتیی ئەدەم کە موحەممەد بەندە و نێرراوی خوایە • بەمە
موسڵمان بوو و بووە یەکێ لە موسڵمانە راستەقینەکان و تەنها
چەند هەفتەیەك بــە سەر مۆڵەت وەرگرتنەکەیا تێ پەڕیی ••

# سەرباز و سەرکردە

خوای گەورە ویستی وا بوو ، دوای ناردنە خواردوەی قورئانی پیرۆز بە تەواویی و بەرپابوونی کۆمەڵی موسڵمان و دامەزراندنی پلەوپایەی دەوڵەتی قورئان لە سەر زەویدا، ویستی وا بوو خۆشەویستەکەی بەرێتەوە بۆ لای خۆی • تا لە بەهەشتی بەریندا ژیانی خۆش و پڕ لە کامەرانیی و نەبڕاوە و هەتاهەتایی بداتە سەر •

پێغەمبەری خۆشەویست ـ صلی اللـه علیه وسلم ـ گەشتی زەمینیی تەواو کرد •• موسڵمانەکان زۆر بۆی بە پەرۆش بوون •• بەڵام چی بکەن ؟ فەرمانی خوایە •• هەرچەندە کۆمەڵی موسڵمان بە قورئانی پیرۆز پەروەردەیەکی پتەوی ئەندامەکانی کرد بوو ، بەڵام زۆر لە ناوچە دوورەکان کە تازە موسڵمان بوو بوون و بە جوانیی شارەزای

ئیسلام نەبوون ، بە پاگاندە و قسەی ساختەی هەندێ ئارەزووپەرست و بەرژەوەندیی‌ویست ، فریو دران و بە کوچ کردنی پێغەمبەری خۆشەویست ـ صلی الله علیه وسلم ـ لە ئیسلام هەڵ گەڕانەوە . لە چەند قوڵێکەوە بانگی ساختە بەرز کرایەوە .. وە بە نیازی هێرش هێنانە سەر پایتەختی ئیسلام دەستیان کرد بە خۆئامادەکردن و لەشکر کۆکردنەوە، چونکە لەشکری پایتەختیان زۆر کەمهێز ئەهاتە بەر چاو ، بەڵام خوای گەورە بەڵێنی پارێزگاریی و بەرگریی کردنی موسڵمانەکانی داوە ، چۆن دەست‌بەردایان ئەبێت ؟

ئەبووبەکری خەلیفە مەردانە و بێ ترس قۆڵی هەڵ مالی و لەشکری ئیسلامی بە هەموو لایەکا بڵاو کردەوە تا ساختەچییەکان بخەنە درۆوە و کۆمەڵی ساختە و رووکەش لە ناو بەرن و لە جێگەیا پایەی کۆمەڵی راستەقینەی خوا داچەقێنن ..

عومەریش لەم جەنگانەدا بە دەوری خۆی هەڵسا و مەردانە چووە مەیدانی دز و درۆزنەوە تا راستیی پێشێل

نەکرێ و ڕەنجی چەندساڵەیان نەدرێ بە ئاوا . دوای دامەزراندنی پایە و پلەی دەوڵەتی قورئان و لەناوبردنی ئاژاوەچیی و دەستبڕەکان ، ئەبووبەکر کۆچی دوایی کرد و لە جێگەیا عومەر کرایە خەلیفەی دەوڵەتی ئیسلام ..

موسڵمانەکانی ئەو سەردەمە بە جوانیی لە مەبەستی هاتنی ئیسلام گەیشتبوون ، ئەیانزانیی ئیسلام بەخششی پەروەردگارە بۆ رزگارکردنی گرۆی ئادەمیی لە هەموو سەرزەویدا ، نەك گۆشەگیریی و بەجێ هێنانی چەند دروشمێکی تایبەتیی .. بەم تێگەیشتنە ناچار ئەبوون خۆشیی و کامەرانیی و کەس‌وکار و نیشتمان و بەرژەوەندیی بخەنە پشت گوێ .. گوێ نەدەنە سەرما و گەرما و برسێتیی و تینوێتیی .. ناچار ئەبوون لەشکر بخەنە رێ بۆ لابردنی هەر کۆسپ و کەندەلانێ کە بەرچاوی مرۆڤایەتیی بگرێ و نەهێڵێ لە بانگی پەروەردگار شارەزا ببێ ، وە بۆ رماندنی قەڵای ئەو زۆردارانەی کە مرۆڤایەتیی داماویان کردبوە بەندە و خزمەتکاری خۆیان و پیر و تاقمە خوێنمژەکانیان .

هاوڕێکانی پێغەمبەری خۆشەویست وەها لە ئیسلام تێ گەیشتبوون کەوا سەربەستیی ژیان و بیروباوەڕ تەنها لە سایەی قورئاندا دەست ئەکەوێ ، چونکە لە سایەی قورئاندا ئادەمیەکان سەربەستیان پارێزراوە و خاوەنی هەر ئایین و بیروباوەڕێك بن کەس مافی نیە دژیان بوەستێ • بەلام لە سایەی هەموو بەرنامە و یاسا و نەریتێکی نەفامیا ئەم سەربەستییە زەوت ئەکرێت و مرۆڤ بۆی نیە هیچ بیروباوەڕێکی پێچەوانەی ویستی یاسای دەستڕۆیشتوو هەڵ بژێرێت •• بۆی نیە بژی ئەگەر ملکەچی بیروباوەڕی نەفامیی نەبێت • لێرەدا ستەم لە ئادەمیزاد ئەکرێت •• ستەمکاران ئادەمیزاد ئەچەوسێنەوە ، مافی بیروباوەڕی لێ زەوت ئەکەن • ماوەی نادەن بە ویستی خۆی ژیان بداتە سەر •• دیارە ئەم ستەمکارانە خەڵکیی چاوترسێن ئەکەن ، تا نەوێرن دژیان هەناسە بدەن ، وە لەم چەوساوە مافخوراوانە لەشکر ـ بە سەرکردایەتیی و سەروکاریی پێری خوێن مژ ـ دروست ئەکەن ، تا دژی بانگی خوا بوەستێ ، خۆ ئەگەر دەستی بڕوا ، تا سەربازخانەی

ئسلامیی نەهێڵێ •

لەشکری خوایش هەڵگری بانگی رزگارییە و بەس ،
یەکەم : پێویستە ئەم بانگە پیرۆزە لە تیاچوون بپارێزێت ،
دووەم : پێویستە رێگا پاك کاتەوە بۆ گەیشتنی رێبازی
رزگاریی بە هەموو مرۆڤێك ، وە پێویستە هەر لەشکرێك
ئەم رێگایەی لێ بگرێ ، ئەم پشتی بدا بە زەوییدا ، تەنها بۆ
ئەوەی دەستی ستەمکاران لە بنا ببڕێت و قەڵای زۆرداریی
و ناڕەوایان بڕووخێنێ •

تا ئادەمیەکان ترسی هیچ یاسەیەکی نەفامیان لە دڵا
نەمێنێ ، وە هیچ دەسەڵاتێکی نەفامی دەستی نەڕوا بنە
سەریانا ••

تا بوێرن بیر لە ئیسلام بکەنەوە ••

تا بتوانن بەراوردی بکەن لەگەڵ بیروباوەڕە
پووچەڵەکانی خۆیانا ••

تا بتوانن بیر لەو ژیانە پڕ کامەرانییە بکەنەوە کە
ئەندامانی ژێر سایەی دەوڵەتی قورئان ـ بە موسڵمان و
ناموسڵمانەوە ـ ئەیدەنە سەر و بەراوردی بکەن لەگەڵ ژیانە

ئاژەڵیە سەوکە ژێر چەپۆکیەکەی نەفامیاندا •• ئەو کانەش بـە ئارەزووی خۆیان ـ بە بێ ترس و لەرز ـ یا هەر لە سەر بیروباوەڕەکەی خۆیان ئەمێننەوە و بە سەربەرزیی لە سایەی ئیسـلاما ئەژین ، وە یـا موسڵمان ئەبن و ئەبنە سـەربـازی بـەوەفـای چاونەترسی کۆڵنەدەری ئیسلام •

جـا ستەمکارە نەفامـەکان بە پـاگاندەی نەشیاو دژی ئیسلام ، مێشکی هەزاران و داماوان پڕ ئەکەن ، بۆ ئـەوەی خوێنی خۆیان بڕیژن لە پێناوی پارێزگاریی بیروباوەڕە ساختە رووکەشەکەی ئەوانا •• وە هـەندێکیشـیان بە هەڕەشـە و گوڕەشە ئەترسێنن و ئەیان نێرنە مەیدانەوە • بۆیـە ئەبینین هەمیشە لەشکری یەکگرتووی خوا کەمتر بووە لە لەشکری پـەرت و بڵاوی ستەمکاران کەچی هەر لەشکری خوا سەر کەوتووە ••

جا بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزە ـ واتە بۆ بڵاوکردنـەوەی ئایینی ئیسلام و جێ بەجێکردنی یاسا بەرزەکانی لـە ژیـانی مرۆڤایەتیدا ، دوای دەرهێنانی لـە ژێر دەسـتی چـەپـەڵی خوێنمژاندا ـ عومەری کوڕی خەططاب ـ خوا لێی رازیی

بێت ـ لەشکری موسڵمانەکانی خستە رێ تـا شار و دێهـات لـە نەفامیی پاك کەنەوە و سەربەستیی ژیان و بیروباوەڕ ، بـە پێی ئایەتی قورئان : « لا اكراه في الدين » پێشکەش کەن بـە ئادەمیزادی بەش خوراو •

ئەوە بوو عـەمری کـوڕی عاص دوای رزگارکـردنی فەلەستین لە سیناوە بەرەو میسر کەوتە رێ تـا ئەوێش رزگار بـکا ••

ئەو کاتە میسریش بە وێنەی وڵاتی شام لە ژێر دەستی رۆمەکانا بوو ، کە بە لەشکری پڕچەك و قـەڵای سـەخت خۆیان پارێزگاریی ئەکرد •• وە ماوەیەکی زۆر بوو وڵاتی میسر لـە ژێر زۆر و ستەمی داگیرکەرانا ئەی ناڵاند ، بۆیـە لـە بەر خراپیی و زۆرداریی رۆمەکان ، دانیشـتوان زۆر بە پەرۆشەوە چاوەڕوانیی رزگارکەریان ئەکرد ••

جا لە بەر زۆریی ناوچـەکان و بـەهێزیی رۆمـەکان عەمری کوڕی عاص داوای یارمەتیی کرد لە خەلیفە، ئەویش چوار هەزار سەربازی موسڵمانی نارده یارمەتیی کە یـەکێ لەو سەربازانە عومەیری کوڕی وەهب بوو ، کاتێ یارمەتیی

گەیشتە بەرەوە لەشکری عەمر گەمارۆی قەلای سەخت و سەرکەشی بابلیۆنی دابوو ، ماوەیەکی زۆر موسلمانەکان چاوەڕوانیی رزگارکردنیان کرد کەچی بێ هوودە بوو ، تا پالەوانی خواناس زوبەیری کوڕی عەووام ـ خوا لێی رازیی بێ ـ بیری هێرشی ناخلۆفیی شەوی کەوتە یاد کەوا کۆمەلێك پالەوان هەلبژێرێن و شەو بە سەر پەیژەی لە پەتدروستکراوا سەر دیواری قەلا بکەون و بچنە ئەودیو . بڕیار لە سەر ئەم رایە درا و عومەیری کوڕی وەهبش یەکێ بوو لەو کۆمەلە فیداکارە گیانبەختکەرانە .

موسلمانە خۆنەویستەکان شەو سەر کەوتن و خۆیان خستە ئەودیو ناو پاسەوانان و بەرەو دەرگاکان هێرشیان کرد و دەرگایان کردەوە .. بەرگریی لە قەلا نەما و موسلمانەکان چوونە ژوورەوە و رۆمەکان توانای بەرەنگاریی و بەرچدانەوەیان نەما .. چاریان نەما جگە لە هەلاتن و خۆبەدەستەوە دان .. ئینجا دوای رزگارکردنی ناوچەکە ، شاری فۆستات بنیات نرا و عەمر تیایا نیشتەجێ بوو ..

بەلام هێشتا رۆخی دەریای سپیی موسلمان نەکرا بوو ،

بۆیە عەمر ، عومەیری کوڕی وەهبی کـردە سـەرکـردەی لەشکرێك و بەرەو ناوچەی دیمیاط ناردی تـا ئەو ناوچەیەش لـە ستەمکار و خوێنمژان پاك بکاتەوە ••

لـە سـەر زەویدا هەر ناوچەیەك بە ئیسلامی بێ گەرد رزگار بکرێت دانیشتوان بـە دڵ و بـە گیـان بـەخێرهاتنی بیروباوەڕی تازە ئەکەن ، چونکە یەکەم: بێزاری بیروباوەڕە گەنیوەکەی خۆیانن •• دووهەمیش : هەڵگرانی بیروباوەڕی تازە ، بە دەسـت و دەم و دڵ و دەروونێـکی پـاکـەوە ، بۆ بەرژەوەندی ئەمان ، بانگیان ئەکەن بۆ لای خـوا • هیـچ جیاوازییەك لـە نێو چینەکانا نامێنێت ••

بەڵـێ عومەیری سەرباز ، بووە سەرکردە ، تـۆ بڵـێ عومەیری پێغـەمبەرکوژ ، بـووە سـەرکردەی لـەشـکری پێغەمبەر تـا هەر هێزێك دژی هێزی ئیسلام ئەوەستێت تێکی بشکێنێت !! سوپاس بۆ تۆ خوایـە ••

عومەیر لەگەڵ هێزێکی موسڵمانەکاندا بەرەو دەریـا کەوتە رێ ، دوای ئامادەکردنی هەموو تفاقێـکی جەنـگ و دوای نەخشەکێشانێکی ورد ، پشتی بە خوا بەست و شـاری

تینس و دیمیاط و توونە و دومەیرە و شەطا و دەقەهلە و بەنام وە بوصیری رزگار کرد •• وە رێگای خۆش کرد بۆ بیروبڕوای ئیسلامیی تا بە سەربەستیی لە ناو کۆمەڵا پەرە بسێنێ و دڵە ئاواردکان رۆشن بکاتەوە ••

بە راستیی عومەیر سەلماندی کەوا سەرکردایەتیشی لێ دێ خاوەنی شارەزایی و وردبینییە بۆ پەیبردن بە شوێنی هێز و لاوازیی دوژمن ••

ئینجا بەرەو شاری ئەسکەندەریە کەوتە رێ تا بگاتەوە بە عەمری سەرکردەی کە ئەویش نیازی رزگارکردنی ئەسکەندەریەی بوو ، وە پێکەوە رزگاریان کرد •• لە کاتی رزگارکردنی ئەم شارانەدا ، دیارە رۆمەکان ئەوپەڕی توانا لەشکر و چەك و جبەخانەیان ئامادە ئەکرد، بۆ بەرچ دانەوەی هێرشی موسڵمانەکان ، جا دوای شکانیان چەك و سامانێکی زۆر ئەکەوتە دەست موسڵمانەکان •

عومەیریش لەم هەموو هێرشانەدا دەستکەوتێکی زۆر و زەبەندەی دەست کەوت ، لەگەڵ ئەوەشا کاتێ کۆچی دوایی کرد ، ئەوەندە هەژار بوو تاکە دراوێکی شك نەئەبرد،

ئەویش هەر لەبەر ئەو سنگ فراوانیی و دەست کوشادیەی
کە خوا پێی بەخشی بوو ، ئەوە بوو ژیانی بە هەزارانە دایـە
سەر و بە هەزارانەش سەری نایەوە ، بۆ ئـەوەی مـاڵ و
سامانی سەرزەویی بتوانێ لـە خشتەی بەرێ و قیامەتی لـــە
بیر بانـەوە ..

خوا لێی رازیی بێ و بە بەهەشتی بەرین شادی بکاتەوە،
لـە ساڵی بیست و چوارەمی کۆچییدا گەشتی زەمینیی تەواو
کــــرد ..

**وآخـر دعوانـا أن الحمد للـه رب العالمين**

**رەبیعی یەکەمی ١٤٠٠ک**
**کانوونی دووەمی ١٩٨٠ز**

# ئەم نامیلکەیە

دەری ئەخات کە :

• ئەوانەی دڵسۆزن هەر ئەبێ ئیسلامی بێ گەرد بدۆزنەوە • ئیسلامیش باوەشی خۆشەویستیی و دڵسۆزیان بۆ ئەکاتەوە ، تا هێمنیی و ئاسایشیان پێشکەش بکا و مێشک و دەروونیان لە دەردەکانی نەفامیی رزگار بکات، ئینجا دوای پەروەردە و ئامادەکردن ئاڵا و مەشخەڵی رزگاریان بداتە دەست بۆ رزگارکردنی مرۆڤایەتیی ••

• ئەوانەی خاوەنی غیرەت و جوامێرین حەیفە بۆ نەفامیی خۆیان ماندوو بکەن ، بەڵکو تا زووە با ئاوڕ بدەنەوە بۆ لای قورئان و شوێنی کەون ••

نرخی ٣٠٠ فلسە